# جیهانێکی دیکە لەتوانادایە!

## بەشداری لەمینبەری کۆمەڵایەتی ئەورپا
## لە لەندەن

ڕۆژانی 15–16–17 مانگی ئۆکتۆبەر، مینبەری کۆمەلایەتی ئەورپا (ESF) لەلەندەن ،بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نزیك بە 617 زنجیرە لەسیمیناروِ گفتۆگۆ وئاهەنگ وشەوی هاوپشتی وکۆرو چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام دا کە لەسەرتاسەری وولاتە ئەورپاییەکان ولەرۆژهەلاتی ناوەراستەوە بەدەیان رێکخراوی ئینسانی وکەسایەتی و نۆینەرانی یەکیتی کرێکاری ورێکخراوەکانی ژنان وپەنابەران ..،بەشداریان تیاکرد .

مینبەری کۆمەلایەتی ئەورپا دروشمی سەرەکی ئەمسالی بریتی بوو لە (نا بۆ شەر . بەڵێ بۆ ئاشتی وعەدالەتی جیهانی ..نا بۆ راسیزم وهەلاواردن .. .. خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی نەك بۆ سود وقازانج..یەکسانی ..جیهانیکی جیکەتوو..) ، کە دوا رۆژی چالاکی یەکانی بە ریپیوانیکی گەورە تەواو کرد . رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وتۆری نۆینەرایەتی (یەکیتی بیکاران)و (رێکخراوی ئازادی ژن) لە عێراق کە لەچەند رۆژ پیشترەوە بەرنامەی دارشتبوو، لەو سێ




رۆژەدا کۆمەلیك هەڵسورانی بەرێوەبرد، کە بریتین لە:

- سەرەتا رۆژی 14 مانگ رۆژی کردنەوەی مەراسیمی مینبەری کۆمەلایەتی ئەورپا لە (لەندەن بریج) لەلایەن سەرۆکی شارەوانی لەندەن وچەند کەسایەتی دیکەوە قسەوباس پێشکەش کرا، لەم رۆژەدا (سەوسن سەلیم ،دەشتی جەمال)بەدەیان بەیانی رابەری حزب لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییانەی شارەبان وبەیانی یەکیتی بیکارانیان لەنیو سەدان کەس بلاوکردەوە، هەروەها لەگەل هەلسوراوانیك لەحزبی سەوزی بەریتانیا دانیشتن‌و دەربارەی پشتیوانی لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و رێکخراوەکانی یەکیتی بیکاران و رێکخراوی ئازادی ژن گفتوگۆیان لەگەڵ کردن.
- **رۆژی یەکەم لە 15-10دا دەستیپیکرد، کارەکان پیکهاتبوون لە:**

کاتژمیری 1بۆ 3 ئیوارە ،(هۆزان محمود)لەسیمیناریك بەشداری کرد لەسەر وەزعیتی فەلەستین وعیراق ولوبنان وە بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی یەکانی ئەو وولاتانەدا .

هۆزان لەم سیمینارەدا بەشیوەیەکی گشتی لەسەر وەزعیتی ژنان لەعیراق ودەوری رێکخراوی ئازادی ژن لەسەر ریکخستنی ریزەکانی ژنان لەنیو سیناریوی رەشی ئەمریکاو داگیر کاری عیراق و دەوری تیرۆریزمی ئیسلامی لەسەر کۆمەلگای عیراق باس لێ کرد ،هەروەها لەسەرنەخشی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ورێکخراوەجەماوەریەکان ژنان وکریکاران وپیشرەویان وە بەدیلیان بۆ نان وئەمنیت وگیرانەوەی مەدەنیت لەعیراقدا بۆ ئایندەیەکی انسانی بۆ کۆمەلگای عیراق باس لێ کرد ،لەو سیمینارەدا میدیای سەربەخۆ و ورێکخراوی عفوی دووەلی چاوپێکەوتنی یان لەگەل هۆزان محمود ئەنجام دا وچەندین کەسایەتی کەوتنە دیالۆك وپرسیار لەسەر هەلسورانەکانی حزب لەعیراقدا.

**شەوی هاوپشتی لەگەل کریکاران لەعیرقدا**

- هەمان رۆژ لەلایەن کەمپینی(NO SWEAT) و رێکخراوی بەریتانیای حزبەوە شەوێکی هاوپشتی لەگەل کرێکاران لەعیرقدا ،بە بەشداری هەردوو کۆمیدی بەناوبانگی بەریتانیا ( simon munnery ,mark Thomas) لەنیو شۆرو شەوق وپر خەندەی بەشداربواندا بەریوەچوو. لەم شەوەدا (هۆزان محمود) ووتاریکی پێشکەش کرد لەسەر وەزعیتی کرێکاران و بزووتنەوەی کریکاری لەعیراقدا و دەوری کۆنەپەرستانەی ئەمریکاو

ئیسلامی یەکان لەسەر ژیانی خەلك وكریکاران لەعیراقدا و هاوکات لەسەر دەوری یەکیتی کرێکاری و رێکخراوی یەکیتی بیکاران کۆنگرەی بەسرە  وەگرینگی هاوپشتی وپشتیوانی لەگەل بزووتنەوەی کرێکاران لەعیراقدا باس لیٚ کرد ولەسەردەرگیریەی و کیشمەکیشەکانی شارەبان و خواستی تەسلیم کردنی نۆینەرایەتی شارەوانی یەکان بەخەڵکی شارەبان خستە روو و داوای پشتیوانی کرد ، ئەم قسەو باسانە لەلایەن تەواوی بەشداربوانەوە پیشوازی لیٚ کرا ..

لەلایەکی تر هەلسوراوانی حزب (سازان سالح ،سرور عبدول رەحمان ،ریزان نادرو،دارامحمد،سەوسەن سەلیم ،ئیبراهیم محمدو پرشنگ أحمد) سەرگەرمی هینانی ئیمکانیتی مالی بۆ حزب وناساندنی ئەدەبیاتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوون لەو شەوەدا کەزیاتر لە400 کەس  بەشداربوون وچەندین رێکخراوی چەپ ولایەن لەوولاتەکانەوە هاتبوون وهاوپشتی وهاوکاری خۆیان لەبزووتنەوەی کریکاری لەعیراقدا رادەگەیاند.

- **رۆژی دووەم:**

رۆژی شەمە 16–10 لە زانکۆی لەندەن (هۆزان محمود)لەسیمیناریك بەشداری کرد ،لەو سیمینارەدا لەسەر وەزعیتی ژنان لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزم ،دەوری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق  بۆ گەرانەوەی ژیان وئەمنیەت ودیفاع لەوەزعیتی ژنان ودامەزراندنی حکومەتیکی غەیرەقەومی غەیرەدینی کە مافی یەکسانی ژنان وپیاو دەستە بەربکات لەعیراقدا باس لیٚ کرد.

هەمان رۆژ (دەشتی جەمال وهۆزان محمود) لەچالاکی یەکانی مینبەری کۆمەلایەتی ئەوروپا وبەشی ناساندنی لایەن حزب ورێکخراوەکان بەشداری کرد وە بەهەزاران بەیانی حزب و رۆژنامەی یەکیتی بیکاران و ژنانی لەنیو لایەنەکاندا بلاوکردەوەو لەگەل چەند کەسایەتی لەوولاتە جۆراجۆرەکانەوە لەسەر وەزعیتی عیراق و نەخشی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و رێکخراوەجەماوەریەکان و نارەزایەتیکان لەعیراقدا بۆ کۆتایی هینان بەداگیر کاری ئەمریکاو وەستانەوە بەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی وە وەستان لەگەل خەڵکی عیراق لەپیناو ئایندەیەکی ئینسانیدا گفتۆ گۆکرا.










- **رۆژی سیٚ یەم 17–10 کە دوا بەرنامەی مینبەری کۆمەلایەتی ئەوروپا بوو**

رێکخراوی بەریتانیای حزب لە ریپیوانی مینبەری کۆمەلایەتی ئەوروپا و بەرەی دژی شەردا بەشیٚوەی چەند گروپ چالاکی جۆراوجۆری ئەنجام دا.

لەشوێنی دەست پێکردنی ریپیوانەکەوە مێزکتابی حزب رازاوە بەشیعارو دروشمی پشتیوانی لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی مندالان لەعیراق و رێکخراوی یەکیتی بیکاران ورێکخراوی ئازادی ژن وەسەرجەم چالاکی یەکانی ئەم رێکخراوانە بەشیوەی رەسم و دروشم دەوترایەوە،  هاورێیان (پرشنگ ئەحمەد ،سازان سالح ،سرورعبدول رەحمان، ئیبراهیم محمد، سەوسەن سەلیم، هۆزان محمودو ریزان نادر )چ بە پروپاگەندە بۆ حیزبو رێکخراوەکانی ژنانو شوراو سەندیکا کرێکاریەکانو یەکیتی بێکارانو.... چ بە کۆکردنەوەی کۆمەك و چ بە بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکانی حیزبو رێکخراوەکانی دیکەی نزیك بە حیزب دەوری بەرچاویان گێرا لەم جموجولاٚنەی حیزبدا.

سەرشەقامەکانی ئەو دەوروبەرە بەشیعاری (نا بۆ ئەمریکاو نا ئیسلامی سیاسی بەلی بۆ جمهوری سۆسیالسیتی لەعیراقدا )و(بۆ دەرەوە هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەعیراق ، نا بەحکومەتی کاتی نا بەتیرۆریزمی ئیسلامی ،حکومەتی ناشەرعی لەعیراقدا نۆینەرایەتی خەڵکی عیراق ناکات ..) رازابووە .

پرشنگ ودەشتی وئیبراهیمو هۆزان  بە بلندگۆ دروشمی پشتیوانی لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ژنان مندالان وکریکاران لەعیراقدا و خواستەکانی خەڵکی عیراقیان لەپیناو ژیان وئەمنیەت وئازادی وژیانیکی ئینسانیدا دەوەتەوەو سەرنجی بەشداربوانی نیو ئەو ریپێوانەی بەلای خۆی رادەکیشا .

لەنیو تراڤل گارسکویر بەلافیتە کە لەسەری نوسرابوو( نا بۆئەمریکاو نا بۆئیسلامی سیاسی ودامەزراندنی جمهوری سۆسیالستی لەعیراقدا لەنیو ریپیوانەکەدا هەل گیرابوو کە لەلایەن دام ودەزگاکانی راگەیاندن میدیاوە وینەی لیٚ دەگیرا ،رادیۆی فەرەنسی بەسەوسەن سەلیم لەسەر ئەو ریپیوانە چاوپێکەوتنی ئەنجام دا.

لەشەقامی تراڤل گارسکویر مێزکتابی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەشیعارو دروشمی رازاوە وراگەیاندن وبلاوکراوەکانی حزب دانرابوو کەلەلایەن بەشداربوانەوە پرسیاری جۆراجۆر لەسەر حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ورێکخراوەکانی ژنان وبیکاران ومندالان دەکرا وکۆمەکی مالی دەخرایە نیو سندوقەکانی کۆمەکی یەوە بەحزب .

هۆزان محمود وپرشنگ ئەحمەد بەشیعاری وەرن پشتیوانی بکەن لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە ژنان وبیکاران ورێکخراوەکانیان بۆ ژیانیکی شایستەی انسانی لەعیرقدا...وەرن لەدەنگی رادیکالیزمی عیراق هاوکاری وپشتیوانی بکەن ،نا بەئەمریکاو بە ئیسلامی سیاسی بلین  ولەپال بەرەی ئازادیخوازی ئینسانی لەعیراقدا رابوەستن.

لەگەل ئەم هەڵسورانەی رێکخراوی بەریتانیای حزبدا محسن کەریم  هاوشان بەم چالاکیانەی  بەشداری کرد.



لەم سیٚ رۆژ گفتوگۆ ومەراسیم وریپیوانەی مینبەری کۆمەلایەتی ئەورپا دا، ئەو راستیە سەلما کە بەرەی موتەمەدن وئازادیخوازی جیهان، بەرەی چەپو سۆشالیستی چ هێزێکی ئینسانیو کاریگەرە بۆ دیفاع لە ژیانو ئومیدەکانی جەماوەری خەڵكو  هەروەها ئەوەشی سەلماند کە ئەم هێزە لەتوانایاندا هەیە جیهان بەو ئاقارەدا بگۆریٚ کە لە بەرژەوەندی جەماوەری خەڵکدا بێت، ئەگەر ئالای رادیکاڵ وئینسانی لەدەوری بەرنامەی کۆمۆنیستی کرێکاریو کۆمۆنیزمی مارکس بەرزبکاتەوەو  نارۆشنیەکانی وەڵام بداتەوەو کەموکوریەکانی ئێستای قەرەبوو بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەشداری حیزبی ئێمەو کادرەکانی لەم زنجیرە چالاکیانەدا، دەنگێکی رادیکاڵی مارکسیستو کۆمۆنیستی رۆشنبین ، دەنگی جەماوەری ئازادخوازی عێراق، دەنگی منداڵانو ژنانو بێکارانو کرێکاران، دەنگی جەماوەری مەحرومی عێراق بوو کە لەو بلٚنگۆیەوە خۆی بە گویٚی ئەو جەماوەرە ئاشنا کرد. دەنگێکی دیکە کە تەنها دەنگی رادیکاڵو واقعی خەڵکی عێراقی دژی داگیرکاری ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی نوینەرایەتی دەکرد.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق (رێکخراوی بەریتانیا)**

**2004-10-22**

[Wpiraq_uk@yahoo.co.uk](mailto:Wpiraq_uk@yahoo.co.uk)
[www.wpiraq.net](http://www.wpiraq.net)